www.kurdistannet.org
31-1-2006 20:56بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەمڕۆ کۆتایی دێسەمبەری دوو هەزار و حەوت (٢٠٠٧)ە.  د.کاوس عەزیز فەرەج

زانکۆی نایمیخن _ هۆڵەند

لەیەکەم ڕۆژی دەستبەکاربونی کابینەی نوێ و یەکگرتوی حکومەتی کوردستانەوە، دەبێت ئەم کابینەیەلەئێستاوەبەشێوەیەکی کاراو چالاک هیمەتێکی وا بکات،  قەرەبووی ئەو هەموو ساڵانەبکاتەوە، لەمڕۆوەهەموو هێزو توانای بخاتەگەڕ بۆ  ئەوەی لەدێسەمبەری ٢٠٠٧ دا جارێکی دی سیناریۆکانی: پەلەپەلو، نامەنووسین بۆ بوش و بلێر، کاتمان نەما و، چی بکەین هەر ئەوەندەمان پێکرا و نەئەبوایەوا بوایەو، ئەوەی ئێمەدەمانویست ئەوان نەیان دەسەلماند، لەژێر فشاری دەرەکیدا بووین، ئەمەریکا و بەریتانیا ئیساش جەختدەکەن لەسەر جێبجێکردنی مادەی ١٣٦و ئەوان گەرەنتی جێبەجێکردنی دەکەن لەساڵی(٢٠١٠) دوو هەزارو دەدا، ئەم مەسەلەیەهێلی سورەو بەهیچ جۆرێک دەستی لێهەڵناگرین، ئێستاش کاتمان ماوەتا دوو هەزارو دە، ئەوەی لەدەسەلات و تواناماندا بێت دەیکەین، تا کوردێک مابێت واز لەو مافەناهێنین، خوێن و فرمێسکی زۆرمان بۆ ڕشتوە، نا یەڵین بەفیرۆ بڕوات. لەئێستا وەمن لەو پاساوانەدەترسێم و هەست بەنا ئارامیەکی زۆر دەکەم، چونکەهەموو جارێک کەکارێکمان بەسەردا تێپەر دەبێت و بەزیان دەگەڕێتەوەبۆمان،  دەکەوینەپاساو هێنانەوەی پڕوّ پووچ و بێ مانا، وەک پیشەی هەزار جارەمان و دەردەسایکۆلۆجیەکەی پێشینەمان، هەوڵدەدەین گوناهەکانی خۆمان بخەینە گەردنی خەڵکی دی، بەفێڵکردن لەگەڵ خۆکردن و لەگەل، وا نیشاندەین  ئەوەی بەزیان گەڕاوەتەوەبۆمان بەسوو د و سەرکەوتنی مەزن و بێهاوتای دانێین، وەک ئەوەی کاتێک کەواژوەکانیان خستەسەر ئەو تەوقەی کەیاسای کاتی بەڕێوەبردنی پێدەڵێن و ئێستا هەست بەهەڵەزەق و خراپەکانیدەکەین، ئەو کات برادەران بەمەزنترین دەسکەوتیان بۆ کورد دا دەنا، ئینجا لەنوسینەوەی دەستورەنیوەچڵیەکەدا، زۆربەی مافەکانمان بەهەڵواسراوی مانەوە، ئەوان بەباشترن و پێشکەوتوترین دەستوریان پێناسەکرد، کەچی لەکاتی هەڵبژاردندا هەر خۆیان دانیان بەوەدا نا، کەهەموو خواستەکانی کوردی لەخۆ نەگرتوە، ئەگەری زۆریش هەیە هەتا ئەو مافەنیوەچڵیانەش لێیان کەمبکرێتەوەو دابەزێن بۆ ئاستێکی نزمتر، ئەرێ پێمان نالێن ئەو گەرەنتیا نەی عەلاوی و دوو باڵوێزەکەی ئەمەریکاو بەریتانیا  کەی کاریان پێدەکەنو بۆکەیتان پاشەکەوتکردون، ئەی باڵوێزەگەڕۆکەکەی دۆستی کورد و سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستیەکان، باڵوێزی پێشوی  ئەمەریکا لەتاران و نووسەری کتێبێ کۆماری مەهاباد بەڕێز ولیام ئیگڵتۆن لە کەرکوک، ڕاسپاردەو ئەنجامەکانی لەئەرشیفی ژمارەچەندان، تا بەنەوەکانی داهاتومان بڵێین، دوای چارەکەسەدەیەکی دی با بچن بیاندۆزنەوەو بڵێن بەڵگەکان وا دەڵێن، وەک ئەوەی ئێستا ئێمەدەیکەین. زانیاریەکان وا دەگەیەنن کەبودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ نزیکی (١٠) دەملیار دۆلارە، گەر حکومەتی کوردستان بەڕاستێتی و بەتەنگ کەرکوک و ناوچەبەعەرەبکراوەکانی دیەوەیە، با هەر لەئێستاوەتەنها ١٠٪ لەبودجەی ئەو دوو سالەکەدەکاتەیەک ملیار دۆلار تەرخان بکات، بۆ گێڕانەوەی ئاوارەکان و  قەرەبوو ی عەرەبی هاوردەو ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری ئەو ناوچانە، جا با بزانین کەرکو ک و ئەو ناوچانەدەگەڕێنەوەئامێزی کوردستان یان نا؟  نەک لەسەر ٢٥

ملێۆن دۆلار ئەو هەموو هاتو چو و هەراو شەڕەدەنووکەڵەگەڵ حکومەتەکەی جەعفەریدا بێتەئاراوە، کەچی لەلایەکی دیەوەدەبیستین ئەو بودجەیەی کەتەرخانکرابوو بۆ ساڵی ٥ ٢٠٠ لەهەرێمی کوردستان هەموو ی خەرج نەکراوەو دەگەڕێتەوەبۆ خەزێنەی حکومەتی عێراق، ئەی ئەمەیان کێ لێی بەرپرسیارە، ئەویش جەعفەری!!!!!! بۆیەدەڵێم با ئەمڕۆ بەکۆتایی ٢٠٠٧ دانێین و با چیتر نەکەوینەڕاکەڕاکەودڵەڕاوکێ، با ئەوەی تووشی هاتین لەدوا هەڵبژاردندا، کەخەریک بوو ناوی دەیان هەزار کەس لەکەرکوک بسڕێتەوە، یان ئەوەی ڕویدا لەموسڵ و دەوروبەری لەکەمی سندوقی دەنگدان و دەیەها تەگەرەی دی کەزۆر درەنگ وەخت دەویسترا چارەسەربکرێت و نەکرا لەبەر گوێپێنەدان و کا رنەکردن لەکات و ساتی خۆیدا، با وەک خوێندکارێکیتەمبەڵمان لێنەیەت کەماوەیەکی دوور و درێژ ناخوێنێ و شەوی تاقیکردنەوەدەکەوێتەخۆی و بەچای خەست خەو لەچاوانی دەزڕێنی تا فریای دەورکردنەوەی هەموو بابەتەکان بکەوێت، با لەئێستاوەبەرنامەیەکی ڕێک و پوخت و شیاو دابڕێژین بەژیری و ووردی لەمڕۆوەکاری بۆ بکەین و بیخەینەپێش هەموو کاریکی دی، چونکەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیەگرێدراوەبەچارەنوسی هەموو کوردەوەو کلیلی ئارامی و بوژاندنەوەو گەشەکردنی سەراپای کوردستانە، ئەگەر نا، ئیتر دەست مەخەنەکاروباری ئەو شارەوە، با خەڵکەدڵسۆزەکانی ئەو شارەبەژیری و ووریایی خۆیان تەگبیرێک لەدواڕۆژو باری ناهەموارو ئاڵۆزاوی خۆیان بکەن، با ڕێگاکانی دی تاقی بکەنەوەو هەوڵی چارەسەرێک بدەن.